Ministry of Higher Education and Scientific research

# پەرتووکی کۆرس (Course Book)

## بۆ وانەی : ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی


**زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر**

**کۆلێژی پەروەردەی مەخمور**

**بەش : زمانی کوردی**


**قۆناغی یەکەم:** وەرزی یەکەم

**بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠ ٢٣)**


**مامۆستای وانە :ئومێد عزیز مستەفا**

**ئیمە یل:** umed.mstafa@su.edu.krd

**کاتی وانە گوتنەوە لە پۆل :**

**یەك شەممە : چوار کاتژمێر**

**دووشەممە : دووکاتژمێر**

**گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆر :**

**ئەدەبی فۆلکلۆر یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە پێویستە قوتابی زانکۆ بیخوێنێت، تا لەنزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم بابەتانە پەیدا بکات،کە پەیوەستن بە نەتەوەکەی (کورد) لە رووی هونەرو کەلتوور و ئەدەبی فۆلکلۆریکوردییەوە.**

**ئامانج لە خوێندنی ئەدەبی فۆلکلۆر:**

**ئامانج لە خوێندنی ئەم ئەدەبە ناساندنی فۆلکلۆرە بە قووتابیان و باسکردنی ئەو بابەتانەیە کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە دەربارەی فۆلکلۆری کوردی و شارەزایی کردنی قووتابیان بە چەمك و دەربڕاوە تایبەتەکانی پەیوەست بەم بابەتە، کە مەبەست لێی شارەزا کردنی قوتابییە لە بنەما گشتییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر و ناساندنی وەك ئەدەبێکی سەربەخۆ و لەهەمان کاتدا پەیوەستدار بە لایەنەکانی ترەوە، هەروەها هاندان و ئاراستەکردنی قوتابی بەشێوەیەك کە هەوڵ بدات زیاتر و چاکتر ئاگادار بێت لەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی کە وەکو ئەرشیفێك رابردووی نەتەوەکەمان پێکدەهێنن.**

**رێگای وانە وتنەوە(طريقة التدريس):**

**بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گوتنەوەی ئەم بابەتە چەندین شێواز و رێگەی جیاجیا پەیڕەو دەکرێت، وەکو:**

**ڕێگای ئامادەکاری( طريقة المحاضرة ):**

**ئەم ڕێگایە بۆ ڕونکردنەوەی چەمك و پێناسەکانی تایبەت بەم بابەتە پشتی پێ دەبەسترێت.**

**ڕێگای گفتووگۆ( طريقة المناقشه ):**

**ئەم ڕێگایەش بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکەو هێنانەوەی نموونەی زیاتر لەلایەن قووتابیان و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە نێوان مامۆستاو قووتابی بەکاردێت.**

**ڕێگای پرسینەوە( طريقة الاستجواب ):**

**ئەم ڕێگایە بەکاردێت بۆ پرسیارکردن لە قووتابیان بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی تا چەند ئامانجەکان بەدیهاتووە لەکاتی وانە وتنەوەدا.**

**بێگومان بەکارهێنانی هەریەك لەم ڕێگایانەش بە پێی شێوازی وتنەوەی وانەکەو سروشتی بابەتەکەو بوونی سەرچاوەو هۆکاری پێویستی لەبەردەستدابوو دەگۆڕێت.**

**خۆئامادەکردنی قوتابیان لەهەر وانەیەکدا ، وەك ئەرکێکی سەر شانیان بە خوێندنەوەی پەرتووکی لەبەر دەستدا بووی پرۆگرامی بڕیاردراو و خوێندنەوەی سەرچاوەی تری تایبەت بە بابەتەکانی وانەکە. بەمەبەستی دروستکردنی بازنەی گفتوگۆ لەناو پۆلدا و گۆڕینەوەی ڕا و بۆچوونەکانیان. تاوەکو وانەکە بەشێوەیەکی باش بەڕێوە بچێت و زۆرترین قوتابییان تێیدا سوود مەندبن، دەبێت قوتابییان هەوڵبدەن لەنەهاتن دوور بکەونەوەو، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئامادەی وانەکان بن و پابەندی دەوامکردن بن. ئەو سەرچاوانەش کە گرنگن و پێویستن بییا نخوێننەوە، لەگەڵ ڕاڤەو شیکردنەوەی مامۆستا و گفتوگۆی نێوان قوتابییان و مامۆستا تێبینییەکان لەلای خۆیان تۆمار بکەن ، کەواتە تێبینی وانەکان ( محازرەکان ) و ئەو تێبینییانەی ، کە مامۆستا لەمیانەی ڕاڤەی وانەکاندا پێشکەشیان دەکات ، زیاتر بۆ پاڵپشتیکردنە نەك وەك جێگرەوەی نووسینەوە لە پەراوەکان ( واتە : جگە لەوەی کە لە پاوەر پۆینت نووسراوە، دەبێت قوتابی تێبینییەکانی خۆشی لە ( پەڕاوەکە ) تۆماربکات ) ، بەئامادەکراویی بێتە ناو پۆلەکە. ئەمانە گشتیان بنەمای**

سەرکەوتنی وانەکانی بابەتەکەن.جگە لەمانە دەبێت قوتابیان سەرو باسێك سەبارەت بە وانەکە یان ئەو بابەتانەی نزیکن لەم وانەیە ئامادە بکەن ، پاشان لە ناو پۆلدا پێشکەشی بکەن و گفتوگۆ بکرێت، بەگویرەی ئەوکاتەی لەبەردەست دایە.

## هۆیەکانی روونکردنەوە:

بەکارهێنانی تەختەی نووسین و ( پاوەرپۆینت ) ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ بۆ خستنە رووی ناونیشانە سەرەکییەکانی بابەتەکان و نموونەکان و پێناسەو پوختەو دەرئەنجامەکان و وێنە رەش و سپی و رەنگاوڕەنگەکان و ئامادەکردنی هەندێ کتێب و سەرچاوە بە پێی پێویستی بابەتەکە.

## پرۆگرامی بابەتی ئەدەبی فۆلکلۆر \ کۆرسی یەکەم:

ـ ئەدەبی میللی.

-چەند سەرنج و بۆچوونیك.

-جیاوازی نیوان ئەدەبی میللی و ئەدەبی فۆلکلۆر.

- نموونە لە هۆنراوەی میللی

-( فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی،مەلابرایمو قانیعو...).

-ئەدەبی فۆلکلۆر

-چەمك و زاراوەی ئەدەبی فۆلکلۆر.

- چەند پێناسەیەك بۆ ئەدەبی فۆلکلۆر.

- تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر .

- ریشەی ئەدەبی فۆلکلۆر.

- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی.

-بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی.

١- ئەفسانە

٢- داستان کەبریتیەلە :

أ-قارەمانیەتی

ب- دڵداری

٣- سەرگوزەشتە( چیرۆك ) کە بریتییە لە :

أ-چیرۆکی ئاسایی( کۆمەڵایەتی، دڵداری، ئاینی و... ).

ب- چیرۆکی پروپووچ

٤- گۆرانی

٥- پەندی پیشینان و قسەی نەستەق

٦- گاڵتەو گەپ

٧- مەتەڵ

## سەرچاوەکان :

١- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، عیززەدین مستەفا رەسول،بەغداد، ١٩٧٠.

٢- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،کامەران موکری( محەمەد ئەحمەدتەها )،بەشی یەکەم،١٩٨٤م.

٣- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،شوکریە رەسول ئیبراهیم، بەشی دووەم، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٤م.

٤- لە فۆلکلۆری کوردیەوە، نوری عەلی ئەمین، ...؟

٥- فۆلکلۆری کوردی، رەمزی قەزاز، داستانی دوو پاڵەوان، ١٩٦٩م.

٦- گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی، محەمەد مەلاکەریم،کۆمەڵێك لاوك و پەیام، بەغداد، ١٩٦٨م.

٧- فۆلکلۆری کوردی، محەمەد ووردی، بەشی یەکەم و دووەم، ١٩٦١م.

٨- داستانو گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردی، عومەر شیخەڵادەشتەکی، هەولیر، ١٩٧٨م.

٩- پەندی کوردی، عومەر شیخەڵادەشتەکی، هەولیر، ١٩٧٢م.

١٠- پەندی پیشینان، شیخ محەمەدی خاڵ، سلیمانی، ١٩٧٠م.

١١-الادب الشعبی، احمدرشدی صالح، القاهره، ١٩٧١م.

١٢-اشكال التعبیر فی الادب الشعبی، نبیله ابراهیم، دار نهضة مصرللطبع و النشر، القاهرة.

١٣-الفولكلور، قضاياه وتأريخ، یوری سوكولوف،ت:حلمی شعراوی و عبدالحمید حواس، مصر،١٩٧١م.

١٤-قاموس مصطلحات الأثنولوجیاو الفولكلور

١٥-الواقعیة في الدب الكردی، عزالدین مصطفی رسول،بیروت،١٩٦٦.

١٦- فولكلور و تاریخ كرد، اسماعیل شمس، كتابانه تخصص ادبیات، قم، ایران، ١٣٩٣.

١٧-فولكلور كردی، ادبیات شفاهی، عبدالكریم سروش، انتشارات دیروك،١٣٩٨.

١٨-آهنگهای فولكلور كردی،جلال رحیمی،جلد دوم،انتشارات مولف، ١٣٩١.

**سەرچاوەی پێویستیی لەبەردەستدابوو :**

پێویستە قوتابی هانبدرێت ، بۆ گەڕان بەدوای هەر سەرچاوەیەکی تر کەوا یارمەتیان بدات بۆ باشترکردنیان لە خوێندنەوە ، لە نووسین ، گوێگرتن و قسەکردن ، زیاتر تێگەیشتنیان لەبابەتەکانی وانەکە.

**نمرەدانان :**

پێویستە فێرخوازان تاقیکردنەوەیەك ئەنجام بدەن ، کە (٣٠ ) نمرەی لە سەر دەبێت ، دواتر لە ڕۆژانە چەند تاقیکردنەوەیەکی تر ئەنجام دەدەن کە (١٠) نمرەی لەسەر دەبێت و ئەنجامی هەردوو تاقیکردنەوەکە کۆ دەکرێتەوە ، کە دەکاتە ( ٤٠ ) نمرەو ، تاقیکردنەوەیەکیش لە کۆتایی کۆرس ئەنجام دەدرێت، (٦٠ ) نمرەی لەسەر دەبێت و لە گەڵ ( ٤٠ ) نمرەکەی کۆششی ساڵانەدا کۆدەکرێتەوە .

کەواتە نمرەی گشتی کۆرس بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت :

ـ تاقیکردنەوەی یەکەم ( ٣٠ ) نمرە

ـ هەڵسەنگاندنی ڕۆژانە ( ١٠ ) نمرە ، کە سێ کیوز یان زیاترئەنجام دەدرێت.

ـ تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس ( ٦٠ ) نمرە .

**-ئه نجامی کۆرسی یەکەم لەسەر ( ١٠٠ ) نمره**

**تێبینی : بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت گۆڕانکاری بکرێت لە هەر کاتێك ئەگەرهاتوو پێویست بکات بە ئاگاداربوونی قوتابیان .**